پاشکۆی 4

(سەرکردایەتی) گەشەسەندنی مێژووی سەرکردایەتی لە کڵێسای مەسیحدا

لە سەردەمی ئەمرۆدا مەسیحییەکان چەندین جۆری جیاوازیان هەیە و چەندین سەرکردەی جۆراوجۆریشیان هەیە، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگەی پرسیارە ئەوەیە: ئایا بە درێژایی مێژوو چۆن ڕوویداوە و گۆڕاوە؟ ئێمە لەم دوواییانەدا هەوڵنادەین ئەم جۆرە سەرکردایەتیانە بگۆڕین، بەڵکو تەنها پوختەیەك دەدەین بەدەستەوە دەربارەی پێشکەوتن و گۆڕانکاری لە پلەی سەرکردایەتیدا بە درێژایی مێژوو، لە دوای سەردەمی پەیمانی نوێ.

1. دیاریکردنی پیرەکان (وانەی ئینجیلی) 30 ـ 97 ز

أ. پەیمانی نوێ فێرمان دەکات تەنها دەربارەی دیاریکردنی (ئەنجوومەنی پیران "بەساڵاچووان")

(عیسای مەسیح بەهۆی ڕۆحی پیرۆزەوە)

پەیمانی نوێ باسی هیچ پلە و پایەیەکی سەرکردایەتی ناکات، هەروەها هیچ دەستە و دامەزراوەیەك نییە لە سەرووی کڵێساوە بێت، دوای زیندووبوونەوەی، بەرزکردنەوە و دانانی لەسەر تەختی پاشایەتیدا، دەستی کردەوە بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی کە لە دونیادا جێی هێشتبوو "کردار 1: 1؛ یۆحەنا 7: 37 ـ 39" هەروەها ڕۆحی خۆی بەسەر قوتابییەکانیدا ڕژاند "کردار بەشی 2" ڕۆحی پیرۆز ڕۆحی عیسای مەسیحە کە هەمیشە لەگەڵ مەسیحییەکاندایە "ڕۆما 8: 9 ـ 10؛ یۆحەنا 14: 16ـ 18؛ 16: 13 ـ15" کڵێسا لەلایەن سەرکردەیەکەوە بەڕێوەدەبردرا کە عیسای مەسیح بوو "ئەفەسۆس 1: 20 ـ 22" ئەمەش بەهۆی ڕۆحی پیرۆزەوە بوو "کردار 9: 31".

ڕۆحی پیرۆز بەهۆی پەیامبەرەکانەوە

ڕۆحی پیرۆز (ڕۆحی مەسیح) یانزە قوتابییەکەی ڕاسپارد بۆ دروستکردنی کڵێسا لەناو جولەکەکانی ئۆرشەلیمدا "کردار 2: 41 ـ 42" ساڵی (30 ز) لەهەموو جەلیل و سامیرەدا (40 ـ 30 ز) "کردار 8: 1و4، 9: 31" وە لەناو ناجولەکەکانی سیزاریا "کردار بەشی 10. 11" (40 ز) هەروەها لەناو ناجولەکەکانی ئەنتاکیا "کردار 11: 19 ـ 24" (44 ز).

لەدوای گۆڕانی پۆڵۆس "کردار 9: 1 ـ 30" (34 ز) ڕۆحی پیرۆز بۆ دروستکردنی کڵێسا ڕایسپارد لە کیلیکیا لە تورکیا "گەلاتیا 1: 21ـ 23" (36 ـ 44 ز) هەروەها لە سوریا "کردار 11: 25 ـ 26" (44ـ 46 ز) کڵێسای ئەنتاکیا چەند دیاریەکی نارد بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی پیرانی ئۆرشەلیم "کردار 11: 30" پاشان ڕۆحی پیرۆز پۆڵۆس و بەرنابای جیاکردەوە و بۆ گەشتی موژدەگەریێتی "کردار 31: 1 ـ 4".

لە یەکەم گەشتی موژدەگەریێتی (47ـ 48 ز( کڵێسایان لە هەموو شوێنێك دامەزراند لە قوبرس "کردار13 : 4 - 5" بەتایبەتیش لە شارەکانی تورکیا "کردار بەشی 13، 14" وە دەستەیەکی (ئەنجومەنی پیرانیان) بۆ هەر کڵێسایەك دانا "کردار 14: 12ـ 13" لە ماوەی کۆنفراسی ئۆرشەلیم ساڵی (50 ز) لە نێوان

کڵێسای ئەنتاکیا و ئۆرشەلیم (پیران و پەیامبەرەکان ئەوانەی هێشتا لە ئۆرشەلیم مابوون) پەترۆس، یۆحەنا، یاقوب، دانیان بە قەشایەتی پۆڵۆس دانا، واتا وەکو نێردراوێك "گەڵاتیا 2: 1 ـ 10؛ کردار 15 : 1ـ 35"
لە دووەم گەشتی موژدەگەریێتی (50 ـ 52 ز) پۆڵۆس و یاریدەدەرەکانی کڵێسایان لە شارەکانی دیکەی تورکیا و مەکەدۆنیا و یۆناندا دامەزراند "کردار 15: 36؛ 18: 22".
لە سێیەم گەشتی موژدەگەریێتی (52 ـ 57 ز) لە تورکیا و یۆنان خزمەتیان دەکرد "کردار 18: 23؛ 21 : 16" لە میلیێتۆس پۆڵۆس مەشقی بە ئەندامانی (ئەنجومەنی پیران) کرد و پێی گوتن کە ڕۆحی پیرۆز (ئەنجومەنی پیران)ی دیاریکردووە، تاوەکو چاودێر و ڕابەری کڵێسا بن.
لە ماوەی بەندکردنەکەیدا لە ڕۆما (60ـ 61 ز) پۆڵۆس نامەی بۆ کڵێساکانی ئەفەسۆس، فلیپی، کۆلۆسی نووسی و باسی چاودێر و ڕابەرەکانی کردبوو "فلیپی 1: 1".
لە چوارەم گەشتی موژدەگەریێتی (61ـ 64 ز) ڕۆحی پیرۆز سروشی بۆ پۆڵۆسی نێردراو نارد "2تیمۆساوس 3: 16" تاوەکو نامە بۆ تیمۆساوس و تیتۆس بنوسێ و زانیاریان بداتێ لەسەر بەرەوپێشبردن و سەرکردایەتیکردنی کڵێسا "1تیمۆساوس 3: 14 ـ 15" بەهۆی ئەنجوومەنی پیرانەوە "1تیمۆساوس 4: 14".
هەروەها ڕۆحی پیرۆز پەترۆسیشی ڕاسپارد "2پەترۆس 1: 20 ـ 21ـ 3: 1ـ 16" 63 A.Dـ 65 تاوەکو نامە بگەیەنە پارێزگاری تورکیا "1پەترۆس 1:1" وە زانیاری بدەنە ئەندامان لەسەر بەرەوپێشبردنی کڵێسا و ڕابەرایەتیکردنی "تیتۆس 1: 5؛ کردار 14 : 23" ئەم بەرەوپێشبردنەش بە ئەنجومەنێك دەکرێت کە پێی دەگوترێت (ئەنجومەنی پیران) "1تیمۆساوس 4: 14" ئەو کەسەی کە لە پلەی بەرەوپێشبردن و سەرکردایەتییەکە دایە پێی دەگوترێ (پیر) (قەشە) "کردار 20: 17؛ 1پەترۆس 5" یان هەندێ جار پێی دەگوترێ چاودێر "تیتۆس 1: 7" یان شوان و ڕابەر "1تیمۆساوس 3: 21؛ فلیپی 1: 1؛ کردار 20: 28" ئەو وشانەی دیکە کە بۆ پێشڕەوانی کڵێسا بەکاردێن وەکو ڕابەر "عیبرانییەکان 13: 7، 17، 24" ئەو کەسانەی هەڵدەستن بە پێشڕەویکردن (یاساناسان، بەرێوەبەران) "1تیمۆساوس 5: 17؛ 1تسالۆنیکی 5: 12؛ ڕۆما 2: 8 ".
لە ماوەی پەیمانی نوێدا (30 ـ 97 ز) زاراوەکانی(پیر English priest,G. Presbuteros)(چاودێر G.episkopos, E;bishop)(شوان G.poimen,latin and English Pastor)وە ئەوانەی کە سەرکردەن (G. prohistamenous humon's) یان بەڕێوەبەر (G.prohestotes presbuteroi)"1 تیمۆساوس 5: 17" هەموویان ئاماژە بۆ هەمان کەس، واتا بۆ یەك کەس دەکەن، بەبێ جیاوازی کردن "1پەترۆس 5: 1ـ 2؛ کردار 20: 17 ـ 28". لەبەر ئەوەی پەیمانی نوێ تەنها باسی دیاریکردنی پیرەکان دەکات، باسی هیچ جۆرە سەرکردەیەکی دیکە ناکات!

کڵێسا لەلایەن ئەنجوومەنی پیرانەوە بەڕێوە دەبرا (ئەنجوومەنێکی پیران) "1تیمۆساوس 4: 14" هەموو پیرەکان یەکسان بوون، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەندێکیان ئەرکی وتاردان و فێرکارییان لە ئەستۆدابوو "1تیمۆساوس 5: 17" پیرەکان هیچ مەشقێکی ئایینیان لە سیمینارە ئاینیەکاندا یان لە فێرگە دا وەرنەگرتبوو، ئەوان بەشێوەیەکی سادە بریتی بوون لە باوەڕدارە پێگەیشتووەکانی کڵێسا و لەسەر بنچینەی لێهاتویی و بەجێگەیاندنی ڕاسپاردەکانی ئینجیل بۆ پێشڕەوایەتی هەڵبژێردرابوون.
هەر ئەندامێکی کڵێسا لەبنچینەدا جیاواز بوو لە ئەندامانی دیکەی کڵێسا (سەیریناميلکە 3 پاشکۆی 1) بکە. ب. پەیمانی نوێ فێری دیاریکردنی چەتری هیچ جۆرە ڕێکخراوێکی دیکەمان ناکات (کۆڕ یان ئەنجوومەن)
دوای چەوساندنەوەیەکی زۆری مەسیحییەکان لە ئۆرشەلیم (33 ز) "کردار 8: 1 ـ 4" باوەڕداران بۆ چەندین وڵات پەرش و بڵاو بوونەوە، خەڵکێکی زۆر بوو بە باوەڕداری عیسای مەسیح لە ئەنتاکیای سوریا (44 پ ز) کەوا کڵێسای ئۆرشەلیم بەرنابای نارد بۆ یارمەتیدانیان (44 ـ 46 ز) "کردار 11: 25 ـ 27" لە ئەنجامی ئەم هەموو کارو ڕاسپاردەیە کڵێسای ئەنتاکیا دۆزرایەوە.
پاشان ژمارەیەك مەسیحییە جولەکەکان لە ئۆرشەلیمەوە چوون بۆ ئەنتاکیا و هەوڵیاندا کە ئەو مەسیحییە ناجولەکانە ببنە جولەکە بەرلەوەی ببنە مەسیحی! ئەوان فێریانکردن کە پێویستە لەپێشدا لەڕووی فیزیاییەوە خەتەنە بکرێن بەرلەوەی ڕزگار بکرێن "کردار 15: 1" کڵێسای ئەنتاکیا بەرنابا و پۆڵۆسیان نارد بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ کڵێسای ئۆرشەلیم، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەم کۆبوونەوەیەی مەسیحییەکان لە دوو کڵێسای جیاوازەوە مانای بوونی کۆبوونەوەی هەموو کڵێساکان ناگەیەنێت، لەبەر ئەوەی کڵێساکانی دیکە (کڵێسا ناوخۆییەکان) نوێنەریان نەبوو.
سەرەڕای ئەوەش "کردار 15" تەنها ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن کێشەیەك لە مێژووی کڵێسادا چارەسەر کراوە، بەڵام فێرمان ناکات کە چۆن کێشەیەك چارەسەر بکرێت، ئەم نموونەیەی کۆبوونەوەی دوو دەستەی کڵێسا بەیەکەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان نموونەیەکی باشە، بەڵام ئینجیل باسی ئەوەمان بۆ ناکات کە خودا دەستنیشانی ئەوانی کردبێت تاوەکو فەرمانڕەوایی بەسەر هەموو دەستەی کڵێساکانی دیکەی جیهاندا بکات، واتا هەموو کڵێسا ناوخۆیی و جیهانییەکان.
گەشەسەندنی مێژووی سەرۆك و قەشەکان
سەرکردایەتی بە پلە و پایەوە (97ـ 323 ز)
أ. تایبەتمەندییە مێژووییەکان: ئەم ماوەیەی مێژووی کڵێسا دەستنیشان دەکرێت بەهۆی چەندین کێشە و ململانێ لە ناوەخۆی کڵێسای مەسیحییەکاندا، ئەمەش بەهۆی کاریگەری ناوخۆیی ئایینی جولەکەکان و ئایینی بێ باوەڕەکانی دیکە و کاریگەری دەرەکی سیاسی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لەگەڵ فەلسەفە بێ باوەڕییەکەیاندا کە پەیڕەویان دەکرد، لە کۆتایدا کڵێسای مەسیحییەکانی جیهان توانی بەسەر هەموو ئەو کاریگەریانەدا سەر

بکەوێت. بەم شێوەیە بووە کڵێسایەکی جیهانی کاسۆلیکی، وشەی کاسۆلیکی (Catholic) لەبنەڕەتدا واتا گشتی یان جیهانی و لە وشەی یۆنانی (Katholikos) وەرگیراوە، پێچەوانەی بوونی کڵێسای ناوخۆییە، واتا مانای کڵێسایەك دەرناپڕێت، بەڵکو گشتگیرە.

ب. گەشەسەندنی زاراوەی ئینجیلی (پیر یان بە تەمەن): لە ماوەی بوونی یاساکانی سەردەمی پەیمانی کۆن کە لە کاهینەباڵاکان و لێڤییەکان پێك دەهات و لە پلەوپایەدا هەموو وەکو یەك وابوون، بەڵام لەدوای ئەوە و لە سەردەمی پەیمانی نوێدا ئەمە گۆڕا بەسەرکردایەتی کڵێسا، بەپێی پلە و پایە. زاراوەکانی (سەرۆك قەشە) یان (چاودێر) چیتر وەکو ئەرکێکی پیرەکان ناوی نەدەبرا، بەڵکو بوونی ئەم پلە بەرزانە مانای بوونی وەزیفەیەکی نوێ و تایبەت و جێگایەکی تایبەتی دەگەیاند کە لەسەروی پلەی پیرەکانی کڵێساوە بوو، زاراوەکە بۆ کەسێك بەکاردەهات کە دەبووە سەرۆکی قەشەکانی کڵێسا لە سەردەمی پەیمانی نوێدا، واتا بەرزترین شوێن و پلە بوو لە کڵێسادا. نێردراوەکان مردبوون، لەبەر ئەوە سەرۆك قەشەکان وەکو جێگرەوەی نێردراوەکان سەیر دەکران، ووردە ووردە دەرکەوت کە تەنها سەرۆك قەشەکان پلەوپایە و ئەرکە گرنگەکانی کڵێسا بەڕێوە دەبەن، وەکو (پیرۆزکردن، مەراسیمی دوا شێوی عیسا، مەراسیمەکانی مارەکردن و پرسە و ڕێکخستنی کاروباری پیرەکان).

سەرۆك قەشەکانی سەدەکانی دووەم و سێیەمی زایینی خۆیان کردە سەرۆك و سەرکردەی کڵێسا، بەبێ بوونی هیچ سەرچاوەیەکی ئینجیلی کە ڕێگەیان پێ بدات، خۆیان وا پیشاندەدا کەوا ئەوان زۆر پێویستن بۆ کڵێسا و کڵێسا بەهۆی ئەوانەوە ماوە! زاراوەی پیر چیتر مانای بوونی بەرزترین پلەی لە کڵێسادا نەدەگەیاند، کە لەکۆندا بە هۆی ئەوانەوە دەستەیەکی ئەنجوومەنی پیران دروست کرابوو کە کڵێسایان بەڕێوەدەبرد، بەڵکو لە سەردەمی پەیمانی نوێ ئەم ئەرکە بووە هی سەرۆك قەشە و ئەو لە بەرزترین پلەی کڵێسادا بوو، ئەو تاکە سەرکردە و چاودێر و بەڕێوەبەری کڵێسا بوو (کڵێسای ناوخۆ) کە (قەشەنشینی) پێ دەوترا.

هەروەها زاراوەی ڕابەری کڵێسا یان یاریدەدەری قەشە یان خزمەتکاری کڵێسا بۆ کەسێك بەکاردەهات کەوا لە سەردەمی پەیمانی نوێدا وەکو لێڤی (خزمەتکار)ێك کاری دەکرد ئەو یارمەتی قەشەی دەدا لە بەڕێوەبردنی کاروباردا.

بەم شێوەیە دوای سەردەمی پەیمانی نوێ، لە ماوەی سەدەکانی دووەم و سێیەمی زایینیدا گەشەسەندنێکی مێژوویی لە بیرۆکەی سەرکردایەتیدا سەری هەڵدا و پەیدابوو، بەڵام ئەم گەشەسەندنە هیچ بنچینە و بنەمایەکی ئینجیلی نەبوو، ئیگناتیۆس (110 ز) تاکە جێگرەوەی نێردراوێتی بوو کە سووربوو لەسەر بەڕێوەبردنی شێوەی فەرمانڕەوایی لە شێوەی پادشایەتیدا (واتا یەك سەرۆك قەشە) بەڵام هەرگیز ئەوەی نەدەگوت کە ئەمە نەریتێك یان یاسایەکی ئاسمانی بێت، جیرۆم (384 ز) لە لێدوانەکانیدا لە "تیتۆس 1: 5"

باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە باڵادەستی سەرۆك قەشە بەشێوەیەکی عادەتی و نەریتی سەری هەڵداوە، نەوەکو خودا خۆی ئەمەی دیاری کردبێت، لەگەڵ ئەوەشدا نە پەیمانی کۆن و نە پەیمانی نوێ هیچ پلە و پایەیەکی وەزیفی باس ناکەن کە لە کڵێسای مەسیحییەکاندا هەیێت، مێژووی کڵێسا ئەوەمان فێر دەکات، کە دیاریکردنی سەرۆك قەشەکان پارێزگاری لە پلان و ئامانجەکان ناکات، بەڵکو ئاڵۆزتری دەکات، هەندێك جار بۆ سەپاندنی دەسەڵات و هێزی سەرۆك قەشەیە.
ت. قەشەکان و قەشەنشینی: لەهەر شوێنێك و لەهەر سەردەمێکە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و دوای ئەویش وورده وورده باوەڕداری مەسیحی تازە دروست دەبوون و کڵێسای تازە دروستدەکران لەگەڵ ئەوەشدا کە ئینجیل فێرمان دەکات کە مەسیحییەکان تەنها یەك (دایك)یان هەیە (ئۆرشەلیمی ئاسمانی) "گەلاتیا 4: 26" کە زۆربەی پێی دەڵێن: دەستەی نوێژخوێنان یان کڵێسای دایك.
بەم شێوەیە گۆڕانکارییەك لە کڵێسادا کرا، لە بری ئەوەی ئەرکی پیر دەگۆڕدرێت بۆ پلەیەکی وەزیفی نوێ و بەشێوەیەکی دیکە، پێی دەگوترێ (سەرۆك قەشە). لە پەیمانی نوێدا وشەی سەرۆك قەشە بە واتای ئەرکی پلە و پایەی پیرانی کۆن، بەڵام لە ماوەی سەدەی دووەم دا وشەی سەرۆك قەشە بە واتای بوونی پلە و پایە و بوونی ئۆفیسێکی نوێ و جیاواز، لە سەردەمی پەیمانی نوێدا ئەنجوومەنی پیران ئەرکی چاودێریکردنی هەبوو، هەر لەماوەی سەدەی دووەمدا سەرۆك قەشە بووە سەرپەرشتیار و چاودێری کاری هەموو کڵێسا سەربەخۆکانی یەك ناوچە بە تەنها.
کڵێسای سەردەمی پەیمانی نوێ تەنها شێوەی سەرکردایەتی پیرانی هەبوو، لەلایەن دەستەیەکی ئەنجومەنی پیرانەوە بەرێوەدەبرا بەڵام لە سەدەکانی دووەم و سێیەمی زایینیدا کڵێسا گەشەی سەند و شێوەی پلە و پایەی سەرکردایەتی جێگەی ئەنجومەنی پیرانی گرتەوە، واتا هەمووی لە ژێر ڕابەرایەتی یەك سەرکردەدا بەرێوە دەچوو کە ئەویش سەرۆك قەشە بوو. لە ماوەی پەیمانی نوێدا تەنها دەستەیەکی ئەنجوومەنی پیران هەڵبژێردرابوون و سەرکردایەتی کڵێسایان دەکرد، بەڵام لە ماوەی سەدەکانی دووەم و سێیەمی زایینیدا دەسەڵاتی هەموو دەستەی کڵێساکان خرایە ژێر دەستی یەك سەرۆك قەشە. ئەمە یەکەم هەنگاو بوو بەرەو سەرکردایەتی بە پلە و پایەوە، هیچ بەڵگە و سەرچاوەیەکی ئینجیل لەسەر ئەم گەشەسەندنە نییە، پەیمانی نوێ فەرمان و بڕیاری لەسەر سەرکردایەتی پلە و پایە تێدا نییە.
3. گەشەسەندنی مێژوویی دەستەی کارگێری کڵێسا.
شێوازی پلە و پایە (پلەدار) دوای (195 ز)
مێژووی کڵێسا ئەوە پیشان دەدات کەوا چۆن سەرکردەکانی کڵێسای مەسیحی هەوڵی ئەوەیان داوە کە پلە و پایە و دەسەڵاتی خۆیان زیاد بکەن و خۆیان لە پلە باڵاکاندا بهێڵنەوە!

أ.	كۆبوونەوەی دەستەی کارگێڕی کڵێسا: لە "کردار بەشی 15" باسی ئەوەمان بۆ دەکات کەوا چۆن دوو دەستەی کڵێساکان بەیەکەوە کۆبوونەوە و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی خەتەنەکردنیان دا. بەڵام ئەمە مانای کۆبوونەوەی هەموو کڵێساکانی ئەو ناوچەیەی نەدەگەیاند، بەڵکو تەنها لە نێوانی ئەو دوو دەستەیەدا بوو! لەماوەی سەدەی دووەمی زایینیدا چەند شتێك دەربارەی کۆبوونەوەی کڵێسای مەسیحییەکان دەخوێنینەوە لە شارەکانی ئاسیا (تورکیای ئێستا) نوێنەرەکان بانگ دەکران بۆ دەستنیشانکردن یان لابردنی سەرۆك قەشەیەك یان هەندێك جار دەرکردنی ئەندامێکی دەستەی نوێژخوێنانی کڵێسا، گەر دروستکەری بیروڕاو ڕێبازی چەوت بووایە. لە ساڵی (195 ز) دا ئەم جۆرە کۆبوونەوانەی کڵێسای مەسیحییەکان لەگاوڵ (فەڕەنسای ئێستا) بەردەوام بوون کە تیایدا ئیرینۆس سەرۆك قەشە بوو، نوێنەرەکانی ناو ئەو کۆبوونەوانە بریتی بوون لە پیرەکان، ڕابەرەکان (یاریدەدەری قەشەکان) وە ئەندامانی کڵێسا.
ب.	کۆڕی دەستەی سەرۆك قەشەکان: لە ماوەی سەدەکانی سێەم و چوارەمی زایینیدا سیستەمی فەرمانڕەوایی یەك سەرۆك قەشە بەسەر هەموو کڵێساکاندا لە گەشەسەندندا بوو لەم ماوەیەدا کۆبوونەوەی نوێنەرانی کڵیسا کە لەهەموو لایەك پێك هاتبوو، گۆڕا بە نوێنەرانی سەرۆك قەشەکان، بە تەنها نوێنەرایەتی فەرمانڕەوایانی ڕۆم (254 ز) ئەنتاکیا (269 ـ 264 ز) و ئیلڤیرا (305 ز) ئەمانە لەگەڵ ڕابەری کڵێساکان و پیرەکان بوو، هەموویان بەیەکەوە لەگەڵ سەرۆك قەشەکان نوێنەر بوون، بەڵام نوێنەرایەتی دووەم دەستەی ئەلیکساندەریا و ئیکۆنیۆم (235 ز) تەنها سەرۆك قەشەکان بوون دەستەی فەرمانڕەوایی نیشە (325 ز) بڕیاری دا کە تەنها سەرۆك قەشەکان نوێنەری ڕاستەقینەی کڵێسانن، هەروەها سەرۆك قەشەکان لە بنچینەدا لەلایەن ئەندامانی کڵێساوە هەڵبژێردرابوو، بە هاتنی سەدەی چوارەمی زایینی ئەندامانی کڵێسا قەدەغەکران ببنە ئەنجومەنی کڵێسا، هەروەها بڕیاردان بووە مافی تایبەتی سەرۆك قەشەکان.
ت.	ئەنجومەنی پارێزگاکان لەژێر فەرمانڕەوایی سەرۆك قەشەکانی شارە گەورەکان: بە هاتنی سەدەی چوارەمی زایینی سەرۆك قەشەکان کە لە شارە گەورەکان بوون، وردە وردە لە دەسەڵات و هێزیان زیاددەبوو بە بەراورد بە سەرۆك قەشەی شوێنەکانی دیکە، هەروەها ئەنجومەنی ئەو شارانە بوونە ئەنجومەنی قەزاکان و پارێزگاکان. سەرەتا سەرۆك قەشەی ئەو پارێزگا گەورانە وەکو مافێکی تایبەتی خۆیان سەرۆکایەتی ئەو ئەنجومەنانەیان دەکرد، بەڵام هەر زوو ئەوە بووە یاسا لەم ڕێگایەوە سەرۆك قەشەی شارە گەورەکان دەبوونە سەرۆکی هەموو قەشەکانی وڵات، بە نموونە لە ڕۆژئاوا سەرۆك قەشەی شاری گەورەی وەکو ڕۆما بووە سەرۆك قەشەی هەموو قەشەکانی ئیتاڵیا یان سەرۆك قەشەی ئەسکەندەرییە بووە سەرۆکی هەموو قەشەکانی میسر و لیبیا، پێنتا پۆلیس، سەرۆك قەشەی کارساگۆ بووە سەرۆکی هەموو قەشەکانی ئەفریقیا، سەرۆك قەشەی لیۆن بوو سەرۆکی هەموو

قەشەکانی فەڕەنسا (گاول) بە هەمان شێوە سەرۆك قەشەی ئۆرشەلیم بووە سەرۆکی هەموو قەشەکانی فەڵەستین، سەرۆك قەشەی ئەنتاکیا بووە سەرۆکی قەشەکانی هەموو سوریا، سەرۆك قەشەی کۆرنسۆس بووە سەرۆکی هەموو قەشەکانی یۆنان، ئەنجومەنی نیشە (325 ز) بڕیاری دا کە ئەو ئەنجومەنەی کەوا لە شارە گەورەکاندان دەبووایە ساڵی دووجار لەژێر سەرکردایەتی سەرۆك قەشەی شارە گەورەکان کۆببونایەوە و ئەو سەرۆك قەشەیە تاکە کەس بوو کە مافی هەڵبژاردنی هەبوو.

پ. ئەنجومەنی گشتی جیهانی

دەسەڵاتی سەرۆك قەشەکان

ئەنجومەنی گشتی بە تەریبی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە گەشەسەندندا بوون، هەتاوەکو ئێستا 23 ئەنجومەنی گشتی هەبوون یەکەم 8 ئەنجومەنەکە بەیەکەوە پێیان دەوترا ئیمپراتۆری سیاسی نیشە (352 - 553 ز) قوستەنتنیە (381 ز) ئەفەسۆس (431 ز) کالیسدۆن (451 – 680 ز) قوستەنتنیە نیشە (787 – 869 ز) قوستەنتنیە.

پەرەسەندنی دەسەڵاتی پاپ سرۆك قەشەی شاری گەورەی ڕۆما

لەم ئەنجومەنانەدا کاریگەری پۆپ پاپای کەنیسەی ڕۆژئاوا بەرەبەرە بەرەو زیادبوون دەچوو، هەتاوەکو لەیەکجیابوونەوەی کڵێسای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دوایی بە داگیرکردنەوەی قوستەنتنیە (1204 ز) لەلایەن مەسیحییەکانەوە کۆتایی هات، بەمەش گۆڕانکاری زۆریان لە ئەنجومەنەکاندا کرد.

دەسەڵاتی ڕەهای پاپا

ئەو چاکسازی و گۆڕانکاریەی کەوا لە کڵێسای پرۆتستانتدا ڕوویدا لەساڵی (1517)دا بە سەرکردایەتی مارتن لۆسەر دەستی پێکرد. بیست و یەکەمین (21) ئەنجومەنی کڵێسای ڕۆژئاوا (کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆمانی) لە ترێنت (1545 بۆ 1563 ز) ئەنجومەنێك بوو کە دژی چاکسازی بوو، بیست و دووەم (22) ئەنجومەنی فاتیکان لە ڕۆما (1869 بۆ 1870 ز) لەژێر کاریگەری گەورەی جەزوت (ئەندامی کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆمانی) دابوو هەر ئەویش بوو کە لە سەدەی 18ی زایینیدا واتا لە حوزەیرانی (1870 ز) بێ تاوانبوونی پاپای سەلماند و هەموو بڕیارەکانی لە هەموو ئەنجومەنەکانەوە ڕەوانەی لای پاپا دەکردەوە. ئەم ئەنجومەنە کە ئەو دایمەزراند پێی دەگوترا یەکەم ئەنجومەنی فاتیکان.

4. گەشەسەندنی مێژووی سەرۆك قەشەی شارە گەورەکان (325 بۆ 600 ز)

ململانێی دەسەڵات لەنێوان سەرۆك قەشەکاندا سەبارەت بە ئەنجومەنەکان بەردەوام بوو، لەسەر ئەوەی کامەیان بەرزترین پلەی هەبێت. کێشەی سیاسی بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن قەیسەرەکانی جیهان بووە کێشەیەکی ڕۆحی بۆ دەسەڵات لەنێوان قەشەکانی کڵێسا.

أ- تایبەتمەندییە مێژووییەکان

لە ماوەی یەکەمین دوو سەدەی زایینیدا مەسیحییەکان لەلایەن قەیسەرەکانی ڕۆمانەوە دەچەوسێنرانەوە، بەڵام لەبەرئەوەی هەمیشە

مەسیحییەت لەگەشەسەندا بوو، ئایینەکانی دیکەش بەرەبەرە لە دابەزیندا بوون، قەیسەر قوستەنتنیە لە ساڵی (311) بڕیاری پارێزگاری مەسیحییەکانی دا. بەم شێوەیە ئەو قەیسەرە و ئەوانەی دیکەش کە هاوڕای ئەو بوون لە ساڵی (323) فەرمانی پاراستنی مەسیحییەکانیان دەرکرد، مەسیحییەکان پارێزران، هەرئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە قەیسەر قوستەنتنیە لە کۆتایدا بووە مەسیحی، لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز لە کڵێسا ئامادە نەدەبوو لە ساڵی (323) بەدواوە مەسیحییەت بووە ئایینی وڵات. کۆنستانتاین بەخۆی دەگوت (سەرۆك قەشەی کاروبارە دەرکیەکانی کڵێسا) لە ساڵی (326) بێزەنتیۆمی کردە پایتەختی ئیمپراتۆری جیهانی مەسیحی، ناوەکەشی گۆڕی بە قوستەنتنیە (ئەستەنبۆڵ)ی ئێستا لە (330 ز) بارەگای سیاسی لە ڕۆماوە گواسترایەوە بۆ ڕۆژئاوای قوستەنتنیە. ئەمەش لەوانەیە بەهۆی زەختی دەسەڵاتی خێزانە بێ باوەڕەکانی ڕۆما بووبێت.

بە هاتنی ساڵی (450) خەڵکێکی کەم لە ڕۆژئاوا دەیانتوانی یۆنانی بخوێننەوە، هەروەها بە هاتنی ساڵی (600) خەڵکێکی کەم لە ڕۆژهەڵات قسەیان بە لاتینی دەکرد. لە بواری سیاسیدا دوو ئیمپڕاتۆریەتی بەهێز سەریان هەڵدا: ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی ڕۆژهەڵات (1453 ز) کە قوستەنتینیە پایتەختی بوو، لەگەڵ ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی ڕۆژئاوا (476 ز) ڕۆما پایتەختی بوو، لەم سەدانەدا کڵێسای ئەوانەی بە زمانی یۆنانی قەسەیان دەکرد لە ڕۆژهەڵات بوو، ئەوانەش کە بە لاتینی قسەیان دەکرد لە ڕۆژئاوا بوو، هەریەکە و بەشێکی لەوی دیکە ڕامالی.

لە کڵێسای مەسیحیدا سێ پێشکەوتن ڕویاندا:

1. پێشکەوتنی ڕێبازی مەسیحییەت لە وانەگوتنەوە و فێرکردندا.
2. پێشکەوتنی ڕێوڕەسمە ئایینیەکانی مەسیحییەت سەبارەت بە پەرستن.
3. پێشکەوتنی پلە و پایەی مەسیحی لە سەرکردایەتیدا.

ب- سەرۆك قەشەی شارە گەورەکان: سەرۆك قەشەی شارە گەورەکان پێیان دەگوترا مێنرۆپۆلیتان، پاشان ئەم سەرۆك قەشانە لە کڵێساکان و لە دەستەکانی ناو کڵێسادا کە لەلایەن نێردراوەکانی عیسای مەسیحەوە دامەزرابوون، پلە و پایەی بەرزیان وەرگرت، سەرۆك قەشەکانی شارەکانی ئۆرشەلیم بوون، لە فەڵەستین و ئەنتاکیا لە سوریا و ئەفەسۆس لە تورکیا و کۆرنسۆس لە یۆنان و ڕۆما لە ئیتاڵیا و ئەسکەندەریە لە میسر.

ت- بانکەکان: ئەنجومەنی نیشە (325 ز) هەڵستا بە دانانی سەرۆك قەشەکانی شاری ڕۆما، ئەسکەندەریە لە باشوور و ئەنتاکیا لە ڕۆژهەڵات، لە سەرووی سەرۆك قەشەکانی دیکە و ناونیشانێکیان پێ دان کە پێیان دەگوترا بارك، ئەنجومەنەکانی قوستەنتنیە (381 ز) و ئەفەسۆس (431 ز) ئەمانیش چوونە ناو ئەو لیستەوە.

پ- پاپاکان: وردە وردە دوو پلەی باوکایەتی پەیدا بوو بۆ پێشبڕکێکردن بۆ زاڵبوونی هەریەکەیان بەسەر ئەوی دیکەدا: باوکی ڕۆما لە ڕۆژئاوا و باوکی

قوستەنتینیە لە ڕۆژهەڵات، دوای کەوتنی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی ڕۆژئاوا لە ساڵی (476) سەرۆك قەشەکانی ڕۆما بە ناونیشانی (باوك) ڕازی نەبوون، ئەوان داوای پلە و پایەی بەرزتریان دەکرد لە کڵێسادا، داواکاریەکانیان خۆی لەو سێ خاڵەی خوارەوەدا دەبینیەوە.

1. ئەوان ئاماژەیان بۆ "مەتا 16: 18 ـ 19" دەکرد، کاتێ دەیانگوت ئەوەتا لەو شوێنەدا دیارە کەوا عیسا بەرزترین پلە و پایەی داوە بە پەترۆس لەناو نێردراوەکانی دیکەدا.
2. هەروەها ئاماژەیان بۆ ئەو ڕاستییە مێژووییە دەکرد کەوا هەردوو نێردراو پەترۆس و پۆڵۆس لە ڕۆما ژیاون.
3. ئاماژەیان بۆ ئەو بارودۆخە دەکرد کە تیایدا پەترۆس بووەتە یەکەم سەرۆك قەشەی ڕۆما.

ئەمانە هەمووی گلەیی و گازندەی ئەوان بوون. لە قوستەنتینیە (باوکەکان) هیچ شتێك نەبوون جگە لە تۆپێك کە لەژێر دەسەڵاتی قەیسەری ڕۆمانیدا بوون، بە تەنها ئامێرێك بوون لەژێر دەستی سەرکردە سیاسیەکاندا. بەم شێوەیە ڕۆما وەکو یەکێك لە پێنج شوێنە بەرزەکە بووە جێگەی ڕێزی ئەوان، لە کۆتاییدا بووە بەرزترین شوێن و بەرزترین پلە و پایەی هەبوو "مەتا 16: 18 ـ 19" بۆ ئیسۆسێنتیۆسی یەکەم (401 ـ 417 ز) وەکو سەرۆك قەشەی ڕۆما بانگەشەی بۆ خۆی کردووە، وەکو بەرزترین دەسەڵات بەسەر هەموو سەرۆك قەشەکانی دیکەی جیهاندا، بەم شێوەیە کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆمانی بووە پۆستێکی وەکو پاشایەتی سەرکردایەتی یەکسەرەی سەرۆك قەشە. سەرۆك قەشەکانی ڕۆما ناوی (پاپا)یان لەخۆیان نابوو کە ئەمەش مانای باوكی دەگەیاند "مەتا 23: 9" لە بنچینەدا هەموو سەرۆك قەشەکان ناونیشانی (پاپا)یان هەبوو، بەڵام ئێستا ئەم ناونیشانە تەنها بۆ ڕۆمایە. پۆپ گریگۆری یەکەم (590 ـ 615 ز) بە دامەزرێنەری سیستەمی پاپایەتی دادەنرێت، پۆپ تەنها وەکو بەرزترین هێزی ڕۆحی سەیر نەدەکرا بەڵکو وەکو بەرزترین دەسەڵاتی جیهانیش کاری دەکرد!

لە یەکەم ئەنجومەنی فاتیکانەوە (1870 ز) کە هی سەرۆك قەشەی کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆمانی بوو، پاپا بە سەرۆکی کڵێسای گشت مەسیحییەکان دادەنرا، ئەمەش گۆڕانکارییەکی ئاشکرا و دیار بوو لە دەسەڵاتی کڵێسادا (1پەترۆس 2: 25؛ 5: 4) پاپا هەروەها وەکو نوێنەری عیسای مەسیح وایە لەسەر زەوی، بەم شێوەیە جێگای ڕۆحی پیرۆز دەگرێتەوە "یۆحەنا 14: 16 ـ 17، 26؛ 16: 7 ـ15" لەبەر ئەم هۆیە کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆمانی جێگای عیسای مەسیح دەگرێتەوە "کردار 4: 12".

لەگەڵ ئەوەشدا عیسا بەرزترین دەسەڵاتی بەپەترۆس نەداوە "مەتا 16: 18 ـ 19" چونکە پێی وابوو کە پێدانی ئەو پلەیە دەبێتە هۆی ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکە و کەمبوونەوەی نرخی وانە فێرکاریەکانی عیسای مەسیح "مەتا 20: 25 ـ 28" عیسا پەترۆسی نێردراو و نێردراوەکانی دیکەی ڕاسپاردووە بۆ دامەزراندنی کڵێسایەکی مێژوویی لەناو جولەکەکاندا "کردار 2: 14 ـ 42"، یەکەمین

کڵێسای مێژوویی لە نێوان سامیرەییەکاندا "کردار 8: 4 ـ 17" و یەکەمین کڵێسای مێژوویش لەنێوان ئەوانەی کە ناجولەکەن لە "کردار 10: 9 ـ 48"دا هاتووە. بەم شێوەیە دەبێتە هۆی بەدیهاتنی ئامانجەکان "یۆحەنا 4: 16 ـ 17، 26؛ 16: 7 ـ 15 "!
5. گەشەسەندنی مێژوویی ناولێنان
جیابوونەوەی نێوان کڵێسای ئۆرتۆدۆکسی ڕۆژهەڵات و کڵێسای کاتۆلیکی ڕۆمانی ڕۆژئاوایی (600 ـ 1517 ز)
أ- لە یەکتری دوورکەوتنەوەی کڵێسای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا
سەدەکانی ناوەڕاست لە ساڵانی (600 ـ 1517 ز)ی خایاند، لە ماوەی سەدەی سەرەتاکانی ئەو سەدەیەی ناوەڕاست دوورکەوتنەوەیەك ڕویدا لەنێوان کڵێسای لاتینی ڕۆژئاوایی و کڵێسای یۆنانی ڕۆژهەڵاتی، ئەم لە یەك دوورکەتنەوەیە لە کۆتایدا بووە هۆی دروستبوونی دووبەرەکیەکی بەردەوام لە ساڵی (1204 ز).
تەختی دەسەڵاتی قەشایەتی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا
تەخت، یەکەیەك یان شوێنێکی تایبەتە بە سەرۆك قەشەکان لە ماوەی سەدەی یەکەمدا، مەسیح چەند یەکەیەکی لە کڵێسادا دامەزراند کە ئەمانە هەموویان سەربەخۆبوون، لەگەڵ ئەوەشدا لە سەدەی دووهەمەوە تا سەدەی چوارەم سیتەمی سەرکردایەتی بەشێوەی ڕیزبەندی پلە و پایە لە گەشەسەندندا بوو. لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمای ڕۆژهەڵاتیدا هەستێکی بەهێز هەبوو دەربارەی یەکسانی لە نێوان سەرۆك و قەشەکاندا، بەڵام ئەوە لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆژئاوادا نەبوو، بە تایبەتی ڕۆمەکان بانگەشەی دامەزراوەیەکی نێرداویەتییان وەکو تەختێکی نێرداویەتی سەیر بکرێت. لە ڕۆژئاوادا بڕیارەکانی ئەنجومەنی گشتی‌یان پەسەندکرد، دەورێکی گرینگی نەبینی لەناو ئەنجومەنەکانی دیکەی خۆیاندا.
سیستەمی پادشایەتی ئیمپراتۆر لە ڕۆژهەڵاتدا
سیستەمی پادشایەتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لە ئەستەنبوڵ وەکو پادشانشینیەکی گەورە لەسەر زەوی سەیردەکرا، بەراوردی پێ دەکرا بە پادشایەتی خودا لە بەهەشتدا، لەسەر زەوی واتا لە دونیادا ئەم سیستەمەی پادشایەتی بە نوێنەرایەتی خودا دادەنرا لەسەر زەوی، لە کڵێسای ڕۆژهەڵاتدا خەڵك خۆیان پێشکەشی مەسیح دەکرد و کڕنۆشیان بۆ دەبرد، لە ڕۆژهەڵاتدا هیچ هێڵێکی جیاکەرەوە نەبوو لە نێوان کڵێسای ڕۆژهەڵات و دەوڵەتی ڕۆمانیدا، وەکو یەك دامەزراوە سەیریان دەکرا، کڵێسای ڕۆژهەڵات بەهۆی سەرۆك قەشەکانەوە ئاگاداری گیانی خەڵکی دەکرد و هەروەها ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لە ئەستەنبوڵ وەکو نوێنەری خودا لەسەر زەوی ئاگاداری جەستەی خەڵکیان دەکرد، ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی فەرمانیان بە ئەنجومەنەکان دەدا، سەرۆك قەشەکان بڕیاریاندا کە بیروباوەڕی ڕاستەقینە بێتە جێگەی بڕیاری ئەوان لە ئەنجومەندا.
کارە زۆرداریەکانی پاپای ڕۆژئاوا

داگیرکارییە دڕندانەییەکانی ڕۆژئاوا ئیمپراتۆریەتی ڕۆژئاوای ڕۆمانی تێکشکاند، ئەمەش تەنها هێز و دەسەڵاتی دیکتاتۆریانەی زیادکرد و برەویدا بە حکومی زۆرداری لە کڵێسای ڕۆژئاوادا، پاپا وەکو بەرزترین سەرۆك قەشە ئەو دەسەڵاتە سیاسیەی قبوڵ کرد و لە هەردوو بواری ئایینی و نائایینیدا فەرمانی بڵاوکردەوە. لە ماوەی سەدەکانی ناوەڕاستدا هۆزە ئەڵمانییەکان هاتنە ناو کڵێسای ڕۆژئاواییەوە. لەلایەك خەڵکەکە حەزیان لەو سیستەمەی بەڕێوەبردنی وولات دەکرد لەلایەن کڵێساوە، لەلایەکی دیکەوە پاپاکان حەزیان دەکرد کە کڵێسا تاکە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی گشت جیهان بێت، ئەویش بارەگاکەی لە ڕۆما بێت، پاپاکان دەیانویست کە فەرمانڕەوایی کڵێسا بکەن، بەڵام لە ڕۆژئاوا هێشتا پاپاکان وەکو نوێنەری خودا دانەدەنران لەسەر زەوی، لەبەر ئەوە ململانێیەکی بەردەوام هەبوو لە نێوان سەرکردەکانی دەسەڵاتی سیاسی و کڵێسای ڕۆژئاوادا.

**پیاوە ئایینیەکان و خەڵك**

زۆربەی خەڵکی مەسیحی لە ڕۆژهەڵاتدا خەڵکی ڕۆشنبیر و ئایینزان بوون، دەیان خوێندەوە، دەیاننووسی، وانەی ئایینیان فێری خەڵکی دیکە دەکرد، بەڵام داگیرکارییە دڕەندانەییەکان لە ڕۆژئاوا بووە هۆی ئەوەی کە زۆر خەڵك لە ڕۆژئاوادا نەخوێندەوار و ناڕۆشنبیر دەربچن، هەروەها کەمتر لە ئایین تێگەیشتبوون، بەم هۆیەوە دابەشبوون و جیابوونەوە لەنێوان خەڵك و پیاوە ئایینیەکاندا ڕویدا.

گەشەسەندنی ئایینی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا

کڵێسای یۆنانی ڕۆژهەڵاتی زیاتر توشی مەترسی بوو، لەکاتێکدا کە کڵێسای لاتینی ڕۆژئاوایی زیاتر هاتە بواری کارکردنەوە، کڵێسای یۆنانی ڕۆژهەڵاتی زیاتر لە ئایین تێگەیشتن، لە شێوەی پەرستن و جێبەجێکردنی نەریتە ئایینەیەکانی کڵێسادا. لەکاتێکدا کە کڵێسای لاتینی ڕۆژئاوایی زیاتر کاری تێکرا بەهۆی بیرۆکەی دادگەریەوە بە بیر و بۆچوونەکانی یاسای ڕۆمانی، کاتێك بیر دەکەیتەوە دەربارەی سیانە (باوك ڕۆڵە و ڕۆحی پیرۆز) کڵێسای یۆنانی ڕۆژهەڵاتی بەرەبەرە لە پێشوەچووندا بوو بەم بۆچوونانە (G. hupostasis) لەکاتێکدا کڵێسای ڕۆمانی ڕۆژئاوا دەستی کرد بە یەکبوون و ڕۆیشتن بەرەو یەك خودایەتی.

پاپای ڕۆژئاوا بانگەشەی دەسەڵاتی جیهانی کرد

شێوەی بەڕێوەبردنی پاشایەتی لە سیستەمی کڵێسای رۆژئاوایدا بووە هۆی ئەوەی کە هەر لە سەرەتاوە پاپا بانگەشەی دەسەڵاتی ڕەها بۆ خۆی بکات، تەنها لە ڕۆژئاوا، بەڵام کاتێك پاپا دەستیکرد بە باوەڕهێنان بەو بیرۆکەیەی کە سنووری دەسەڵاتی دادگەری ئەو فراوان بووە بۆ ڕۆژهەڵاتیش، بەمەش تووشی چەندین کۆسپ و تەگەرە هات.

پاپای ڕۆژئاوا بانگەشەی بێ خەوشی و بێ هەڵەیی کرد

پاپا لە کڵێسای ڕۆژئاوا خۆی بەبێ خەوش و بێ هەڵە دەزانی، بەڵام پایەدارەکانی کڵێسای ڕۆژهەڵات هەمیشە ڕوویان لەلای بیر و باوەڕ بووە و

باوەڕیان وابووە کە بڕیاری کۆتایی تەنها لەلای پاپا نییە، بەڵکو بەهۆی ئەنجومەنی گشتیەوە دەدرا.
ب- هەندێ بانگەشەی پاپاکانی ڕۆژئاوا
پاپا ئینۆ سینتیۆسی یەکەم (401 ـ 417 ز) بانگەشەی بۆ خۆی دەکرد وەکو بەرزترین دەسەڵات لەچاو هەموو سەرۆك قەشەکانی دیکە لە جیهاندا، ناونیشانی پاپای تەنها بۆ خۆی بەکار دەهێنا. پاشا گریگۆری یەکەم (590 ـ 615 ز) دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو ئەوانی دیکەدا دەسەپاند، پاپا نیکۆلاسی دووەم (1059 ز) سەرۆکایەتی شاندی هەڵبژاردنی پاپای دەکرد کە لە 6 سەرۆك قەشە پێك هاتبوو لەگەڵ 50 قەشە، 14 ڕابەری قەشە و هەموو دانیشتوانی ڕۆما!
پۆپ نیکۆلاسی یەکەم (858 ـ 867 ز) سنووری دەسەڵاتی خۆی فراوانکرد، لە ڕۆماوە بەسەر هەموو پاپاکانی دیکەدا زاڵ بوو.
پاپا گریگۆری حەوتەم (1073 ـ 1085 ز) بانگەشەی پەیوەندی پچڕانی نێوان کڵێسا و جیهانی دەکرد، بەزۆر دەیویست بیرۆکەی تاکڕەوی لە کڵێسادا بچەسپێنێت و هەوڵی دەدا کەوا دەسەڵاتێك دابمەزرێنێت کە تەنها کڵێسا سەرۆکایەتی بکات، بەمەش هێز و دەسەڵات هەمووی بۆ خۆی دەگەڕاپەوە.
قەشە ئینۆسینتیۆمی چوارەم (1243 ـ 1254 ز) سەرۆك قەشە کاردیناڵەکانی لە سەروی هەموو قەشەکانی دیکە دانا لە جیهاندا، وەکو نیشانەیەکی ڕێز کڵاوێکی سوریان لەسەر دەکرد.
پاپا بۆنیفاسیۆسی هەشتەم (1294 ـ 1303 ز) ئونام سانکتەمی (1032 ز) ڕاسپارد ئەو هەمیشە ئەوەی دووپات دەکردەوە کە باڵادەستی پاپا زۆر پێویستە بۆ ڕزگار بوون.
ت- کاروباری کوڕی باوك
بیروباوەڕی نیست ـ کۆنستانتیۆڵیتان ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە (325 و 381) کە (من باوەڕم هەیە... بە ڕۆحی پیرۆز، خودا، کە بەخشەری ژیانە، ئەرکی باوکایەتی جێبەجێ دەکات، کە شایەنی پەرستنە) ئەمە لە ئیسپانیاوە وەکو پارێزگارییەك وابوو لە دژی ئاریانیزم کە هێرشیان کردە سەر سروشتی ئاسمانی مەسیح "1پەترۆس 1: 11؛ ڕۆما 8: 9 ـ 10"، کڵێسای لاتینی رۆژئاوا لە ماوەی ئەنجومەنی تۆلدیۆ لە ئیسپانیا (589 ز) ئەمانەی زیادکرد لە کوڕی خوداوە بەلاتینی (filioque) بۆ بیروباوەڕەکە، تاوەکو بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە (هەر کەسێك شوێن فەرمان و ڕێنماییەکانی باوك و کوڕ دەکەوێت) ئەم زیادخستنە سەر بڵاوبۆیەوە بۆ فەرەنسا و ئەڵمانیا، بە گەرمی لەلایەن (چارلی مان)ەوە پێشوازی لێ کرا و خرایە ناو بەرنامەی ئەنجومەنی فرانکفۆرت (794 ز) نووسەران لە دادگای چارلی مان ئەم بابەتەیان کردە جێگەی گفتوگۆکردن. لە ساڵی (1054) کڵێسای یۆنانی ڕۆژهەڵاتیان بە تاوانبار دادەنا بەرامبەر ئەوکارە و بە کفریان دەزانی، کاردیناڵی ڕۆژهەڵات (هۆمبێرت) داوای دوورکەوتنەوە و لەیەکداپڕانی کرد بەهۆی بوونی کوشتارگەی (hagia sophia) لە ئەستەنبۆڵ، بەڵام هەر زوو ئەمە ڕەتکرایەوە،

ئەمە بە سەرەتای دروستبوونی دووبەرەکی دادەنرێت لە نێوان کڵێسای یۆنانی رۆژهەڵات و کڵێسای ڕۆمانی رۆژئاوا.
لە (1109 ز)دا قەشەی ڕۆژهەڵاتی (سێرگیۆس) ناوی پاپای چوارەمی سێرگیۆسی لەسەر (دیپاسیج) لادا. بە شێوەیەکی تەکنیکی دەتوانین بڵێین کەوا پەیوەندی نێوان کڵێسای ڕۆهەڵاتی قوستەنتنیە و کڵێسای ڕۆژئاوای ڕۆمانی دووربوون لە یەکتریەوە.
پ. جەنگی مەسیحییەکان
جەنگی پیرۆزی مەسیحییەکان